# ناوداران

نا: عەبدوڵڵای مەجید بەگ
وێنە: بێگەرد عوسمان



## خەندان خانم

ژنە شازادەیەکی (بابان) ەکان بووەو لەسەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە. لە کاری رابەرایەتی و بەڕێوەبردندا زۆر ئازاو لێهاتوو بووەو بە یەکێک لە ژنە مەزنەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێ. ئەم ناوە، واتە (خەندان) ی کردۆتە نازناوی هاوسەرەکەی، کە عەلی ئاغای کوڕی جەعفەر ئاغای سەرخێڵی سەرحەد بووەو وەچەکانی دوای خۆشی بە بنەماڵەی خەندان بەناوبانگن. ئەم شێرە ژنە زۆر سەربەست بووە، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا راوێژیان پێکردووە. چۆتە راووشکارو بۆتە سەرلەشکری سوپای بابانەکان و بەگژ داگیرکەرانی کوردستاندا چۆتەوە. خەندان خانم تەمەنێکی درێژی لەبواری خێرو چاکەو یارمەتی کەسانی هەژارو لێقەوماواندا بەسەر بردووە. گۆڕی خەندان خانم و چەند دەسەڵاتدارێکی تری بابانەکان، نزیک شارۆچکەی قەڵاچوالانن.

## قارچك

ڕووەکێکی خۆڕسکەو لە بەهارو پاییزدا لە ناوچە شێدارە گیایەکاندا پێدەگات. قارچك ماددەی (کلۆرۆفیل) ی تێدانیە لەبەر ئەوە ناتوانێت وەك ڕووەکە سەوزەکان بەهۆی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن و هەواو تیشکی خۆرەوە خواردن دروستبکات، بەڵکو لە ڕێگەی مژینەوە خۆراکی دەست دەکەوێت. قارچك خۆراکێکی بەتامەو بڕێکی باش لە ڤیتامینەکانی ( B, D, E ) و ئاو، نیشاستەو چەوری تیدایە. جۆرە قارچکێك هەیە لە ئەشکەوت و نزیك زێرابەکاندا دەڕوێت، ژەهراوییەو بەکەڵکی خواردن نایەت، بەڵام ئێستا دەتوانرێت قارچك لە کێڵگەی تایبەتدا بەرهەم بهێنرێت.



نا: نەریمان عوسمان

# هەمەڕەنگ

## خەڵاتی نۆبڵ



خەڵاتێکی جیهانیەو ساڵانە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی لە بوارەکانی (زانستیی، وێژەیی، پزیشکیی، ئابوریی و ئاشتی) دا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن. زانای سویدی (ئەلفرێد نۆبڵ) کە (دینامیت) ی دۆزییەوە، خاوەن بیرۆکەی ئەم خەڵاتە بوو. نۆبڵ لە ساڵی (١٩٠١) دا یەکەم خەڵاتی بەخشی بە زانا (رۆنتگن) و داواشی کرد پاش مردنی خۆشی ئەم خەڵاتە بەردەوام بێت و لە میراتەکەی ساڵانە بدرێتە ئەو کەسانەی خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن.